# وانەی دووەمی شێوازی توێژینەوەی زانستی

## بابەت : چۆنیەتی رێکخستنی لاپەڕەکانی توێژینەوە

*لاپەڕەکانی توێژینەوەی زانستی بەم شێواز و ریزبەندییە ڕێك دەخرێت :*

- لاپەڕەی یەکەم : بابەت .
- لاپەڕەی دووەم : ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز ، حەدیسێك یاخود وتەیەك کە باس لە زانست و فێربوون بکات یان پەیوەندی بە ناونیشانی توێژینەوەکە هەبێت .
- لاپەڕەی سێیەم : پێشکەش کردن .
- لاپەڕەی چوارەم : سوپاس و پێزانین
- لاپەڕەی پێنجەم : پێرستی بابەت + ( پێرستی وێنە، هێڵکاری و خشتە ئەگەر لە توێژینەوەکە بەکار هاتبوو ).

**تێبینی :**

لە لاپەڕەی دووەم تاوەکوو کۆتا لاپەڕەی پێرست نابێت لە بەشی خوارەوە ژمارە ( رەقەم ) دابنێین بەڵکوو بەم دوو شێوازە ئاماژە بە لاپەڕەکان دەکەین:

یەکەم : بە شێوەی نووسین ( یەك ، دوو ، سێ و ... ) دووەم : لە رێگەی پیتەکانی ئەلفبا ( ئەلف ، ب ، ج ، ... ).

لە یەکەم لاپەڕەی پێشەکی نووسینی ژمارەی لاپەڕەکان بە ژمارەی ئاسایی دەست پێدەکات تا کۆتا لاپەڕەی توێژینەوە.

- شەشەم : پێشەکی .
- حەوتەم : گرنگی توێژینەوە .
- هەشتەم : ئامانجی توێژینەوە .
- نۆیەم : پرسیاری توێژینەوە .
- دەیەم : گریمانەی توێژینەوە . " گریمانە بریتیە لە وەڵامێکی کاتی کە ڕاست و هەڵەبوونی دەخرێتە بەردەم تاقیکردنەوە " . کەواتا ئاساییەکە توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکەی بگاتە ئەم ئەنجامە کە ئەو گریمانەیە دایناوە هەڵەیە یاخود پێچەوانەکەی ڕاستە ، هەڵبەت ئەمەش دەبێت پشت بە چەند بەڵگەیەکی زانستی ببەستێت .

**تێبینی :**

ئەگەر توێژەر لە توێژینەوەکەی هەم پرسیاری سەرەکی هەبوو هەم پرسیاری لاوەکی ئەو کات دەبێت لە گریمانەش هەم گریمانەی سەرەکی هەبێت هەم گریمانەی لاوەکی ، ئاشکرایە گریمانەی سەرەکی لە وەڵامی پرسیاری سەرەکی و گریمانەی لاوەکی لە وەڵامی پرسیاری لاوەکی .

- یانزەیەم : بگۆڕەکان . بگۆڕ ئەو شتەیە کە دەگۆڕدرێت یان گۆڕان درووست دەکات . چەن جۆر بگۆڕ هەیە لەوانە بگۆڕی سەربەخۆ و بگۆڕی گرێدراو یان وابەستە، بگۆڕی سەربەخۆ گۆڕانکاری دروست دەکات ، بگۆڕی گرێدراو یان وابەستە گۆڕانکاری وەردەگرێ .

نموونە : جەنگ کاریگەری لە سەر ئابووری وڵات درووست دەکات .

بگۆڕی سەربەخۆ : جەنگ     بگۆڕی گرێدراو ( وابەستە ) : ئابووری وڵات

- دوانزەیەم : میتۆدی توێژینەوە : واتا چ میتۆدێك بەكار هاتووە : وەسفی ، مێژوویی ، شیكاری ... هتد .
- سیانزەیەم : شێوازی كۆكردنەوەی زانیاریەكان. (كە دوو جۆر شێواز هەیە: كتێبخانەیی و مەیدانی) .
- چواردەیەم : ئاستەنگەكانی بەردەم توێژینەوە
- پانزەیەم : پێكهاتەی توێژینەوە ، واتا باس كردنی ئەوەی كە توێژینەوەكە لە چی پێكهاتووە . بۆ نموونە دەڵێین :

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەكی ، ناوەڕۆك و دەرەنجامێك پێك هاتووە. ناوەڕۆك لە چوار بەش پێكهاتووە : بەشی یەكەم خۆی لە سێ باس پێكدێت ، لە باسی یەكەم پێناسەكانی تیرۆر دەخەینە روو . لە باسی دووەم مێژوو و چۆنیەتی گەشەسەندنی تیرۆر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخرێتەروو . لە باسی سێیەم جۆرەكانی تیرۆر خراوەتە روو .

بەشی دووەم لە چوار باس پێك دێت: لە باسی یەكەم ... . بەم شێوازەو بە شێوەیەكی گشتی باسی پێكهاتەی توێژینەوەكە دەكەین .

**تێبینی :**

بە دوو خاڵ دەتوانین باسی جیاوازی نێوان پێرست و پێكهاتەی توێژینەوە بكەین : یەكەم : پێرست هەموو بابەتەكانی ناو توێژینەوە لە خۆ دەگرێت لە كاتێكدا پێكهاتەی توێژینەوە تەنها بە گشتی باسی بابەتە سەرەكییەكان دەكات . دووەم : لە پێرست بەرامبەر هەر بابەتێك ئاماژە بە ژمارە لاپەڕەكەیشی دەكەین لە كاتێكدا لە پێكهاتەی توێژینەوە ناتوانین و ناكرێت ئاماژە بە ژمارە لاپەرەكان بدەین .

- دەرەنجام پێش لیستی كۆتایی سەرچاوەكان دەنوسرێت كەواتا پاش دەرەنجامەكان لیستی كۆتایی سەرچاوەكان دەنووسین .

-------------------------------------------------- -----------

-------------------------------------------------------------

-----